کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-4-2007 0:50

# تاڵەبانی داوای لێبوردن بۆ لە تورک ئەکات؟؟ ... چنکار ئەحمەد عەلی

چەند ڕۆژێکە کاردانەوەی تورکە کەمالیستەکان لە سەر ئەو ووتە پڕ ئازایەتی و چاونەترس و بەنرخانەی سەرۆکی هەرێم کە لە کەناڵی ئەلعەربیە دا بڵاو کرانەوە گەیشتۆتە ڕادەیەك لەگەڵ تری خۆیان بەشەر دێن بەشێوەیەك توشی هستریای کردون، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە بو بە مژدەیەك بۆ کوردانی هەرپێنج پارچەی کوردستان کە کورد هەرکوردە و هەرگیز کوردانی باشور میللەتە چەوساوەکەیان لەبیر ناکەن لە پارچەکانی تری ئەم خاکە هەنجن بەهەنجن کراوە و هەمیشە ئەوانمیان لەبیرە و دلنیایان ئەکەنەوە کە باشور پشت و پەنای پارچەکانی ترە، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە پاش هەڕەشەکانی تورك تاڵەبانی کە میللەتی کورد دەنگی پێداوە ببێتە سەرۆك کۆمار ی عێراق کەچی لەجیاتی پشتگیری کردنی میللەتەکەی خۆی ئەوەتا پشتی دوژمنان ئەگرێت و ئەیەوێت قەپۆزی میللەتەکەی نەوی بکات بۆ عوسمانیەکان ئەوتا بەبۆچونی تاڵەبانی وایە کێشەی کەرکوك پێویستە لیژنەیەکی تورکی بۆ دابمەزرێت ئەوتا داوای لێبوردن لە تورك ئەکات لەوەی کە کورد بوار نادات سواری ملیان بێت ئەوتا وەفای تاڵەبانی بۆ ئەو میللەتەی هەزاران مەڕی داماویان بۆ لە ئەرزدا کە جەنابیان لە ئەنفلۆزاکەی چاك ببێتەوە ملی شۆڕ کردوە دەست لەسەر سنگ بۆ تورکی کەمالیستوەستاوەو عوزر خواییان بۆ ئەهێنێتەوە ئەوەتا ئەو شۆڕەملە لەبری پشتیوانی گەلەکەی و هەڵوێستی سەرکردایەتیەکەی پاکانە ئەکات بۆ دوژمنان و ئەسەف هەڵئەکێشێت لە هەڵوێستی میللەتەکەی بەرامبەر بە تورك،

سەیرە تۆبلێی ئەو خێرو سەدەقەیەی کە 80% بەزۆرداری بەم میللەتە کرا بۆ تاڵەبانی بۆچاك بونەوەو گەڕانەوەی ئەو زاتە لە میوانداری شادا بە پێچەوانە لێیان قبوڵ کرابێت لەلای خوا، تاڵەبانی داوای لێبوردن بۆ لە تورکیا ئەکات؟؟ پاکانەی چی ئەکات خۆ دوژمنانمان هەموومان بەیەك چاو سەیر ئەکەن ئەم ماستاو و مەراییەی بۆچیە؟ بێهۆ نیە هەڵوێستی حکومەتی ناوەندی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئەمسالی تالەبانی نوێنەرمانن و دەم ڕاستمانن، من هیوادارم ئەو هەواڵانەی کە بڵاو کراونەتەوە کە تاڵەبانی داوای لێبوردنی لە ئەردۆغان و حکومەتی تورکیا کردوە ڕاست نەبن دەنا گۆڕیش تاڵەبانی لە خۆی ناگرێت،

kurdikurdistan@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.